# An analysis of the hermeneutic code of the Fox in Bakhtiar Ali's novel Ship of Angels

Dilman Q. Ahmed
Garmian University-College of Education-Department of Kurdish Language

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.09*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*

*This paper is an attempt to interpret the meaning of "fox" as a hermeneutic code in Bakhtiar Ali's novel "Ship of Angels". The paper combines Roland Barthes' narrative semiology and Heidegger's ontological hermeneutics to analyze the meaning of the code and its relation to authorial intention, semiology, and ontological hermeneutics. The study addresses questions about the nature of the hermeneutic code, the fox code in the novel, its universality or context-dependence, and its effects on the reading experience. Emphasizes the importance of personal reflection and reader-text interaction in interpretation. The paper contributes to Kurdish literary criticism and highlights the role of hermeneutic codes in revealing basic meanings and dimensions, which are directed through the fox code.*

***Keywords**: hermeneutic code, semiology, ontological hermeneutics, fox.*

# شیکردنەوەی کۆدی هێرمێنۆتیکی ڕێوی لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی بەختیار عەلیدا

د. دیلمان قادر أحمد
**زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی**
**dilman.qadir@garmian.edu.krd**

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی واتای (ڕێوی) وەکو کۆدێکی هێرمێنۆتیکی لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی بەختیار عەلیدا. توێژینەوەکە سیمیۆلۆجیای گێڕانەوەی ڕۆلاند بارت و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجی هایدگەر بۆ شیکردنەوەی مانای کۆدەکە و پەیوەندیەکەی بە مەبەستی نووسەر و سیمیۆلۆجیا و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجییەوە تێکەڵدەکات. توێژینەوەکە پرسیارەکان سەبارەت بە سروشتی کۆدی هێرمێنۆتیک و کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا، هەروەها گشتگیربوونی یان وابەستەیی بە کۆنتێکست و کاریگەریەکانی لەسەر ئەزموونی خوێندنەوە، لەخۆدەگرێت. جەخت لەسەر گرنگیی ڕەنگدانەوەی کەسی و کارلێکی خوێنەر و دەق لە لێکدانەوەدا دەکاتەوە. توێژینەوەکە بەشداری دەکات لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا و تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی کۆدە هێرمێنۆتیکیەکان لە ئاشکراکردنی مانا و ڕەهەندە بنەڕەتیەکان، کە لە ڕێگەی کۆدی ڕێویەوە ئاڕاستە دەکرێن.

وشە کلیلیەکان: کۆدی هێرمێنۆتیک، سیمیۆلۆجیا، هێرمێنۆتیکای ئۆنتۆلۆجی، ڕێوی.

**پێشەکی:**

کۆدی هێرمێنۆتیک ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوە و پرۆسەی تێگەیشتنی گێڕانەوەکاندا دەگێڕێت. تیشک دەخاتە سەر سروشتی ئاڵۆزیی دەق و فرەچینیی مانا لە دەقدا. لەم توێژینەوەیەدا لە کۆدی هێرمێنۆتیک دەکۆڵرێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا چەمکە بەناوبانگەکەی (بارت)، واتە "مەرگی نووسەر" ڕووبڕکێی (تەحەدی) چەمکە نەریتیەکانی مەبەستی نووسەری کرد و ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی خوێنەر ببێتە بەشداربوویەکی چالاک لە لێکدانەوەی دەقدا. بیرۆکەکانی بارت زەمینەسازییان کرد بۆ سەرهەڵدانی کۆدی هێرمێنۆتیک، بەو پێیەی جەختی لەسەر گرنگیی کارلێکی خوێنەر و دەق و فرەیی ماناکان لەناو بەرهەمێکدا دەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە لە ڕوانگەی هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجیەوە لێکۆڵینەوە لە کۆدی هێرمێنۆتیک بکرێت، بەو پێیەی ئەم میتۆدە تیشک دەخاتە سەر ئەزموونی تاک لەبارەی بوون، جەخت لەسەر گرنگیی ڕەنگدانەوەی کەسی و هەڵبژاردن و بەرپرسیارێتی دەکاتەوە. بەکارهێنانی ڕوانگەی هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجی، ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی بەتەنها هەموو سەرنجەکان لە چوارچێوەی تیۆرییە ئەبستراکتەکاندا نەهێڵرێنەوە و بازبدرێتە نێو ئەزموونە ژیاوەکانی خوێنەرانەوە. ئەم ڕێبازەدان بەوەدا دەنێت، کە لێکدانەوە پرۆسەیەکی قووڵی کەسی و سوبژێکتیڤە و لەژێر کاریگەریبوون و جیهانبینی ناوازەی مرۆڤدایە. لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە لەیەک کاتدا بە شێوەی ئاوێتە سوود لە ڕوانگەی سیمیۆلۆجیای بارت و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجی هایدیگەر بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە کۆدی هێرمێنۆتیک (بە دیاریکراوی کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکاندا) دەبینێت. هەروەها لە ڕووی ڕێبازیشەوە توێژینەوەکە (وەسفی شیکاری) پەیڕەوکردوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

ئەگەرچی ڕۆمانەکە لە سێ کتێب (بەرگ) پێکهاتوە، بەڵام بۆ ئەم توێژینەوەیە زیاتر سوود لە کتێبی دووەم و سێیەمی ڕۆمانەکە وەرگیراوە. هەروەها توێژینەوەکە تەنها کۆدی (ڕێوی) وەرگرتوە و شیکردۆتەوە، لەکاتێکدا ڕۆمانەکە ژمارەیەکی زۆری کۆدی هێرمێنۆتیکی لەخۆدەگرێت.

**پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە پشت بە چەند پرسیار و گریمانەیەک دەبەستێت، وەکو:

١. مەبەست لە کۆدی ڕێوی لە کەشتیی فریشتەکاندا چییە؟
٢. کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا چۆن پەیوەندی بە سیمیۆلۆجیا و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجییەوە هەیە؟
٣. ئایا کۆدی ڕێوی لە کەشتیی فریشتەکاندا، گشتگیرە یاخود وابەستەی کۆنتێکستە؟
٤. کۆدی ڕێوی لە کەشتیی فریشتەکاندا چۆن کاریگەری لەسەر ئەزموونی خوێندنەوە هەیە؟

**وەڵامی پرسیار و گریمانەی توێژینەوە:**

١. دەکرێت دەستەواژەی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا، ئاماژە بە کۆدێکی هێرمێنۆتیک بکات، کە لە دەوری کاراکتەرێکی نێو ڕۆمانەکە دەسووڕێتەوە.

٢. کۆدی ڕێوی لە کەشتیی فریشتەکاندا دەتوانرێت لە ڕوانگەی سیمیۆلۆجیا و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجییەوە شیبکرێتەوە، بە پشکنینی ئەو نیشانە و هێمایانەی، کە لە ڕۆمانەکەدا بەکارهێنراون.

٣. لێکدانەوە و بوونی کۆدی ڕێوی ڕەنگە بەپێی ئەو زەمینە کولتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی، کە ڕۆمانەکەی تێدا هەڵکەوتوە جیاواز بێت.

٤. کۆدی ڕێوی، ئەزموونی خوێندنەوە لە ڕێگەی قووڵکردنەوەی مانا و هاندانی خوێنەران بۆ بیرکردنەوە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئاینی و سیاسیەکان لە ڕۆمانەکەدا، دەوڵەمەند دەکات.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەسەر کۆدی هێرمێنۆتیک لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی بەختیار عەلیدا گرنگە، چونکە لە سروشتی ئاڵۆزی لێکدانەوە و تێگەیشتن لە دەقەکەدا قووڵدەبێتەوە. تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی چالاکانەی خوێنەر لە چوارچێوەی بەشداریکردنی لە پرۆسەی لێکدانەوەدا، و جەخت لەسەر فرەیی ماناکان لەنێو بەرهەمێکدا دەکاتەوە. توێژینەوەکە بە تێکەڵکردنی ڕوانگەی سیمیۆلۆجیای بارت و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجی هایدگەر، شیکاریەکی گشتگیر بۆ کۆدی هێرمێنۆتیک دەخاتەڕوو، بە تایبەتی سەرنج دەخاتە سەر کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە لە مانای ڕووکەشی دەقەکە تێپەڕێت و مانا و تەوەرە بنچینەیەکان دەربخات. لە ڕێگەی پێشکەشکردنی تێڕوانینی تیۆری و پراکتیکی بۆ خوێنەران و توێژەران، بەشداری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بکات. توێژینەوەکە بە وردبینیکردن و لێکۆڵینەوە لە کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا، ئامانجی ئەوەیە ڕۆشنایی بخاتە سەر مانای ڕەمزی و پەیوەندییە بابەتیەکانی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا. هەروەها دەیەوێت دەریبخات، کە چۆن کۆدی ڕێوی لە چوارچێوەیەکی فراوانتری ڕۆمانەکەدا کار دەکات، و کاریگەریەکانی لەسەر پەرەپێدانی کەسێتیەکان و پێشکەوتنی پلۆت و دەرخستنی تەوەرە سەرەکیەکانی ڕۆمانەکە، دەخاتەڕوو.

**١-چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ کۆدی هێرمێنۆتیک:**

کۆدی ڕێوی لە ئەدەبدا، لە دەرەوەی واتای فەرهەنگی و ئاماژە بنەڕەتیەکەی خۆیەوە، زۆرجار هەڵگری مانا و واتای ڕەمزییە. لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە ڕەمزیەکانی کۆدی ڕێوی پێویستی بە تێگەیشتن لە پەیوەندیە کولتووری و ئەفسانەیی و ئەدەبیەکان لەگەڵ ڕێویدا هەیە. شیکاریەکە بە

شیکردنەوەی نوێنەرایەتیی هێمادارانەی کۆدی ڕێوی، دەتوانێت لە ڕێگەی لێکدانەوەوە، چینە قووڵەکانی مانا، کە لەنێو دەقەکەدا چەسپاون، ئاشکرا بکات.

زۆرێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکان بریتین لە بەکارهێنانی جۆرێک لە هێماسازی بۆ دروستکردنی کاریگەری. بە شێوەیەکی ئاسایی بە زیادکردنی مانایەکی زیاتر لە مانای بنجیی شتێک، یاخود ناوێک و کردارێک، ئەنجامدەدرێت. لەبەرئەوە هێماسازی لە ئەدەبدا لەلایەکەوە یارمەتی نووسەر دەدات بە شێوەیەکی باش بیرۆکەکانی لە ڕێگەی دەقەوە بە خوێنەرەکەی بگەیەنێت. لەلایەکی تریشەوە، دەرگایەکی باشە بۆ ئەوەی خوێنەر لەو ڕێگەیەوە و لە چوارچێوەی دەقێکی دیاریکراودا، بچێتە ناو دنیابینی و بیرکردنەوەی نووسەرەوە.

بە گشتی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی هێما یاخود کۆدەکان لە زمان و ئەدەبدا بۆ ئەوەیە نوێنەرایەتیی چەمک یاخود بیرۆکە و دیاردەکان بکەن، چونکە زمان بە سروشتی خۆی سیستەمێکی ڕەمزییە، کە پشت بە گرێدانی ئارەزوومەندانەی وەک وشە و نیشانەکان لەگەڵ ماناکانیاندا دەبەستێت، واتە بەستنەوەی دنیای چەمک و بیرۆکەکان بە دنیای ئەزموونییەوە. بەو شێوەیە کۆدەکان لە زمان و ئەدەبدا، لە گواستنەوە و گرێدانی مەعریفەی چەمکی بە مەعریفەی ئەزموونییەوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەبینین.

بە تێڕوانینی (بارت) هێما یاخود کۆدەکان، زۆربەی جار "مانای کولتووری تایبەت- کولتوورە تایبەتەکان- لەخۆیاندا هەڵدەگرن."(Barthes, 2017: 12). لە ئەدەبدا هێما یاخود کۆدەکان، ئەگەرچی هەمان ڕۆڵە سەرەکیەکانیان هەیە، کە لە زماندا بە شێوەیەکی گشتی دەیانگێڕن، بەڵام زۆرجار کۆدە ئەدەبیەکان ئەو سنوورانە تێدەپەڕێنن و هێڵی ماناکانیان زیاتر درێژدەبنەوە. دەتوانن ناوەڕۆک و مەبەست و شت و شوێن، یاخود کاراکتەری دووبارەبووەوە لەخۆبگرن. بە شێوەیەک، کە لە دەرەوەی مانای بنچینەیی خۆیاندا، گرنگیەکی هێماداریيان هەیە. ئەم کۆدانە بە ڕووی لێکدانەوەدا کراوەن، ڕەنگە چینی جیاوازی مانایان هەبێت و خوێنەر بە لێکدانەوەی دەقەوە خەریکبکەن. بە پێچەوانەی زمانی ڕۆژانەوە، زۆرجار کۆدسازی لە ئەدەبدا ئاڵۆزتر و وردترە و کاری بە ئەنقەستی نووسەری دەقە، چونکە نووسەر کۆدەکان بۆ لێکدانەوەی بابەتەکان و گەیاندنی ڕاڤەی جیاوازی کۆمەڵایەتی و کولتووری، یان دروستکردنی هەستێکی ناڕوون و شاردنەوەی نهێنیەکانی دەق، بەکاردەهێنێت. بەو شێوەیە لە کاتێکدا هێماسازیی زمان، بەکارهێنانێکی فراوانتری کۆد و هێماکان لە پەیوەندیەکانی ڕۆژانەدا دەگرێتەوە، بەڵام لە ئەدەبدا کۆد و هێماکان ڕێگەیەکی تەکنیکیی بەهێزە، کە نووسەر بە مەبەست پەنایان بۆ دەبات، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە مانای دەق لە خوێنەرەکانی ئاڵۆزبکات و ناچاریان بکات بەدوای مانای دەقەکەیدا بگەڕێن.

کەواتە دەتوانرێت کۆد لە ئەدەبدا وەک ئامراز یاخود تەکنیکێکی هونەری تەماشابکرێت، کە نووسەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەق و داهێنان سوودی لێی دەبینێت. نووسەر کۆدەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی هەست بوروژێنێت و خەیاڵی خوێنەرەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات و

کاریگەریەکی قوڵتر دروستبکەن. بۆیە زۆرجار کۆدەکانی ناو ئەدەب، وەکو تایبەتمەندێتیەکی هونەری تەماشایان دەکرێت، یارمەتی نووسەران دەدات بۆ ئەوەی مانای وشەکان تێبپەڕێنن و بە دوای مانا و ئەزموونی نوێوە بن. کۆدە ئەدەبیەکان دەتوانن مانای کەسی و بابەتی و کۆنتێکستییان هەبێت، کە لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش دەوڵەمەندی و قووڵایی ئەزموونی خوێندنەوە و تێگەیشتن زیاتر دەکات، چونکە وەکو سیمیۆلۆجیەکان دەڵێن: "تێگەیشتن بەگشتی دەوەستێتەوە سەر کۆدەکان." (سەلاح فضل، ٢٠١٦: ١١٦)

**١-١ کۆدی هێرمێنۆتیکی لە ڕوانگەی ڕەخنەی سیمیۆلۆجییەوە:**

کۆدە ئەدەبیەکان زۆرجار لە ئەدەبدا پێکهاتەی گێڕانەوە بەیەکەوە دەبەستنەوە، و لە گەڕان بە دوای بابەت و مەبەستەکان و تێگەیشتنێکی وردتر لێیان بەشدارن. وەکو پڕۆسەیەکە، کە توخمە جیاوازەکانی چیرۆکێک بەیەکەوە دەبەستنەوە یان تیشک دەخەنە سەر بیرۆکە گرنگەکان. ئامانجی کۆدە ئەدەبیەکان لە دەقێکی سەرکەوتوودا، وروژاندنی وەڵامە سۆزداریەکان و دروستکردنی کاریگەریەکی بەردەوامە لەسەر خوێنەران. دەتوانن بەقووڵی دەنگ بدەنەوە و کاریگەریەکی درێژخایەن لەسەر بیرکردنەوە و هەستی خوێنەران بەجێبهێڵن. بە تێڕوانینی بارت، "دەقی سەرکەوتوو تەنیا لە واتایەکی دیاریکراو و سنووردراردا نامێنێتەوە، بەڵکو بە سروشتی خۆی فرەڕەهەند و کراوەیە، چنینێکی ئاڵۆزی کۆدەکانە. لە کاتی خوێندنەوەیدا خاڵی دەستپێک و ناوەڕاست و کۆتایی نییە." (تێری ئیگڵتن، ٢٠١٦: ٣١٢)

کەواتە دەتوانرێت بوترێت کۆدی هێرمێنۆتیک ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە شیکاریی گێڕانەوەدا، ئەویش بە تیشکخستنەسەر سروشتی لێکدانەوەی گێڕانەوە ئەدەبیەکان. جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی خوێنەران لە لێکدانەوە و بنیاتنانی مانای دەقێکی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارن، نەک ئەوەی وەرگری پەیامێکی پاسیڤ و پێشوەختە دیاریکراو بن. کۆدی هێرمێنۆتیک ئەوە بە بیردەهێنێتەوە، کە گێڕانەوەکان بە ڕووی لێکدانەوەی جیاوازدا کراوەن و هاندەرێکی باشە بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی قوڵی خوێنەر لەگەڵ دەقدا.

کۆدی هێرمێنۆتیک یەکێک لەو پێنج کۆدەی گێڕانەوەیە، کە (بارت) دیاریکردوون. واتە: کۆدی پرۆئایریتیک/ڕووداو (proairetic code)، کۆدی هێرمێنۆتیک/لێکدانەوە (hermeneutic code)، کۆدی هێمایی (code symbolic)، کۆدی کلتووری (cultural code) و کۆدی ئاماژەیی (referential code). ئەم کۆدانە پێکەوە بۆ بنیاتنانی مانا لەنێو گێڕانەوەیەکدا کاردەکەن. (Barthes, 1990: 18–20) کۆدی هێرمێنۆتیک بە تایبەتی سەرنجی لەسەر دروستکردنی پرسیار و بابەتێکە، کە جێگەی سەرنج و لێکدانەوە بێت.

ڕۆلاند بارت، بە بەکارهێنانی ڕێبازی سیمیۆلۆجی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکان، بەشداریەکی بەرچاوی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا کرد. بە بڕوای بارت، هێماکان ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە ئەدەبدا دەگێڕن و لێکدانەوەیان بۆ تێگەیشتن لە مانای قووڵتر و گرنگیی کلتووریی بەرهەمێکی دیاریکراو، زۆر پێویستە. بارت پێیوابوو هێماکان وەک نیشانەیەک

کاردەکەن، کە چەندین چین لە مانا دەگەیەنن و دەتوانرێت لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە شیبکرێنەوە، کە ناوی لێنابوو "خوێندنەوەی هێمادار-symbolic reading". بەو شێوەیە بارت لە ڕێگەی گرنگیدانی بە بەستنەوەی مانا بە زمانی ئەدەبییەوە، دەچێتە نێو بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە. (بەسام قطوس، ٢٠١١: ل٢٩٥).

کۆدی هێرمێنۆتیک دەتوانێت بە شێوازی جۆراوجۆر لەنێو دەقێکدا دەربکەوێت. دەتوانێت ڕەفتار یان پاڵنەرە نهێنیەکانی کارەکتەرێک، ڕووداوێکی ڕوونەکراوە کە ڕوودەدات، لێدوانی دژبەیەک، کە لەلایەن کارەکتەرە جیاوازەکانەوە دەدرێن، یان توخمەکانی پلۆتێکی چارەسەرنەکراو (کۆتاییەنەهاتوو) لەخۆبگرێت. بۆ نموونە دیارنەمان یاخود دەرکەوتنێکی لەناکاوی کارەکتەری سەرەکی بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک، کۆدێکی هێرمێنۆتیک دروستدەکات و خوێنەران هاندەدات، کە هەڵوێستە لەسەر چارەنووس و گرنگیی کارەکتەرەکە بکەن.

زۆرجار کۆدی هێرمێنۆتیک یاری بە چاوەڕوانیەکانی خوێنەر دەکات. بۆشایی گێڕانەوە یان ناڕوونیەک دروستدەکات، کە ڕووبڕکێی گریمانەکانی خوێنەر دەکات و ناچاری دەکات بە شێوەیەکی چالاکانە دەقەکە بخاتە ژێر پرسیار و لێکدانەوەوە. کۆدی هێرمێنۆتیک بە لادان یاخود بەرپەرچدانەوەی چاوەڕوانیەکان، دەتوانێت خوێنەران سەرسام بکات و گرژی دروستبکات و پەیوەندییان لەگەڵ دەقەکەدا قووڵتر بکاتەوە. بەو شێوەیە وەک ئەوەی (ڕۆلان بارت) پێوایە "کارلێکی نێوان نووسەر و خوێنەر پرۆسەیەکە، کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی کۆدەکان لەخۆدەگرێت، بە پشتبەستن بە مەعریفەی خودی، خوێنەر مانا لەنێو دەقدا بەرهەمدەهێنێتەوە". (Pirnajmuddin and Arani, 2013: 37)

هەروەها پرۆسەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردن لە ڕێگەی کۆدی هێرمێنۆتیکەوە، ڕەنگە پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەو زەمینە کلتووری و مێژووییەوە هەبێت، کە دەقەکەی تێدا نووسراوە. ڕەنگە هێماسازی، مێتافۆر، یان ئاماژەکردن بە ڕووداوە تایبەتەکان یان دیاردە کلتووریەکان، بەشداربن لە دروستکردنی کۆدی هێرمێنۆتیکدا، ئەمەش وا دەکات خوێنەران بۆ هەڵدانەوە و ئاشکراکردنی مانا شاراوەکان، سوود لە زانیاریەکانیان لەبارەی کۆنتێکستی دیاردەیەک یاخود دەقێکەوە وەربگرن.

بە کورتی، کۆدی هێرمێنۆتیک ڕەگەزێک یاخود توخمێکی گێڕانەوەیە، کە کنجکاوی/زانینخوازی (curiosity) و سەرنج و پرسیار لە مێشکی خوێنەراندا دروستدەکات. جەخت لە لێکدانەوەیەکی چالاک دەکاتەوە، ڕووبڕکێی گریمانەکان دەکات و خوێنەران هاندەدات بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی گێڕانەوە بۆ بنیاتنانی مانا. (Klahoro & Sangi, 2023: 31) خوێنەران بە تێگەیشتن لە کۆدی هێرمێنۆتیک دەتوانن خەریکبوونیان لەگەڵ دەقەکاندا قووڵتر بکەنەوە و سروشتی دینامیکی و کارلێککاری گێڕانەوەی ڕووداو و چیرۆکەکان بە بەنرخ بزانن.

لە ڕووی کردارییەوە دەتوانرێت وەک ئامرازێک بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی لەوانە (ڕۆمان، کورتەچیرۆک، شانۆنامە و فۆرمەکانی تری گێڕانەوە) کەڵک لە کۆدی

هێرمێنۆتیک وەربگیرێت. (Ali; Iqbal, & Ajmal, 2022: 9) توێژەران و خوێنەران بە دەستنیشانکردن و پشکنینی کۆدی هێرمێنۆتیک لەنێو دەقێکدا دەتوانن بەدواداچوون بۆ ئەو بۆشایی و ناڕوونی و پرسیارە بێ وەڵامانە بکەن، کە لە گێڕانەوەکەدا هەن و لە کۆتاییدا بەشدارن لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە بابەت و هێما و مانای گشتی دەقەکەدا.

سیمیۆلۆجیستەکان پێیانوایە بەکارهێنانی کۆدی هێرمێنۆتیک دەتوانێت تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە گەشەپێبکات، ڕێبازی شیکاری بۆ دەقەکان پەرەپێبدات و توانای توێژەر/خوێنەر بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ گێڕانەوەکاندا بە شێوەیەکی مانادار بەرزبکاتەوە. کۆدی هێرمێنۆتیک بە هاندانی لێکدانەوەی چالاک و بەشداری خوێنەران، ئەزموونێکی خوێندنەوەی کارلێککارانەتر و دینامیکیتر لەگەڵ دەقدا بەرەوپێشدەبات.

**١-٢ کۆدی هێرمێنۆتیک لە ڕوانگەی هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجیەوە**

بە شێوەیەکی گشتی لەبەرئەوەی بیرۆکەی تێگەیشتن، جەوهەری هێرمێنۆتیکە، کەواتە کۆدی هێرمێنۆتیک ئامرازێک و ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەو بیرۆکەیە و ئامانجی ئەوەیە بە مانایەکی قووڵتر بگات، یاخود ئەو هۆکارانە ئاشکرابکات، کە مانایەک دەشارنەوە، چونکە وا گریمانە دەکرێت، هەندێکجار دەقە ئەدەبییەکان مانایەک یاخود زیاتر لە مانایەکیان هەیە و لەژێر هەلومەرجی تایبەتدا ئاشکرا دەکرێن. لەبەرئەوە میتۆدی هێرمێنۆتیک چەندێک ئاشکراکردنی ئەو مانایەی بۆ گرنگە، لەوە زیاتر بۆی گرنگە، کە کۆنتێکستی ئەو مانایە دیاریبکات. ( Kleymann & stang, 2021: 4)

کۆنتێکست لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیدا پەیوەندیەکی نزیکیان لەگەڵ کۆد و هێماکاندا هەیە. واتە ئەو هەلومەرجە کلتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتیە فراوانترەی، کە دەقێک تێیدا دروستدەبێت و کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر لێکدانەوەی کۆدی هێرمێنۆتیک لەنێو گێڕانەوەکەدا هەیە، واتە کۆد یاخود هێما "ناتوانێت بەتەنها کاربکات، بەڵکو دەخرێتە نێو سیاقی ئاستی جۆراوجۆرەوە، شوێنەکەی لەنێو سیاقدا ئەرکەکەی دیاریدەکات". (سەلاح فضل، ٢٠١٦: ١١٧)

ڕەچاوکردنی کۆنتێکست لە کاتی شیکردنەوەی دەق لە هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجیدا زۆر گرنگە، چونکە تێڕوانینێکی بەنرخ لەبارەی مەبەستی نووسەر، گرنگییان و بۆشاییەکانی گێڕانەوە و ئەو لێکدانەوە ئەگەریانەی، کە لێیەوە سەرهەڵدەدەن، بەدەستەوە دەدات. بەبێ تێگەیشتن لە دەقئاوێزانی دەقێک و لایەنە کلتووری و مێژوویەکانی دەوروبەری دەقەکە، ڕەنگە لێکدانەوەی کۆدی هێرمێنۆتیک سنووردار یان کامڵ نەبێت. لێرەوە ئەم میتۆدە، لەگەڵ سیمیۆلۆجیای بارتدا یەکدەگرنەوە، بەو پێیەی هەردووکیان لە کاتی لێکدانەوەدا، جەخت لەسەر پەیوەندیی دەق بە کۆنتێکست و دەقەکانی ترەوە دەکەنەوە. لە ڕووی دەقئاوێزانەوە (بارت) پێیوایە، هەر دەقێک، لە ڕێگەی کۆدەکانیەوە زیندوێتی و بەردەوامی بە دەقەکانی تر دەدات، کە پەیوەندیی پێیانەوە هەیە، "هەموو دەقە ئەدەبیەکان لە دەقی ئەدەبیی ترەوە دەچنرێن... ئەوەش بەو مانایەی کە هەر

وشەیەک، یان هەر دەستەواژەیەک، یان هەر بەشێک، بریتییە لە دووبارە بەکارخستنەوەی ئەو نووسینانەی تر[أ]، کە لەپێش یان دەوروبەری بەرهەمە تاکەکەسیەکەدان."(تێری ئیگڵتن، ٢٠١٦: ٣١٢) لەبەرئەوە زانین و ناسینی کۆنتێکست یارمەتیی خوێنەران دەدات، کە بە ئاگاییەوە پەیوەندی لەگەڵ دەقدا دروستبکەن، تەوەرەی بنەڕەتی دەستنیشانبکەن و ئاڵۆزیەکانی گێڕانەوەکە ڕوونبکەنەوە، بەمەش شیکاری و تێگەیشتنی گشتی دەقەکە بە شێوەیەکی باش بەرەوپێشەوە دەبات.

لێکدانەوەی ئەگەری ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە هەر دەقێک کاتێک دەمانەوێت لێی تێبگەین، ئەوا پێویستە بە ڕووی لێکدانەوەی جیاوازدا بیکەینەوە، چونکە دەکرێت چەندین لێکدانەوە یان دیدگای بەرچاو سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو هەبن، هەموو ئەو لێکدانەوەیانە دەتوانن بە پێی هۆکارەکانی وەکو پاشخانی کلتووری، ئەزموون و لایەنگیریە کەسیەکانەوە جیاواز بن. دەکرێت تاکەکان زانیاریەکان بە شێوەی جیاواز هەستپێبکەن و بە پشتبەستن بە چوارچێوە مەعریفی و دەروونیە جیاوازەکان لێکیانبدەنەوە. ئەدەب سەکۆیەکی گرنگی پرۆسەی لێکدانەوەیە، چونکە لە ئەدەبدا هێما و کارە هونەریەکان و ڕەفتاری مرۆڤ خۆیان بە ڕووی لێکدانەوەی جیاوازدا دەکەنەوە.

لە ڕووی پراکتیکیەوە، لێکدانەوەی ئەگەری، بە گرنگی دەزانێت توێژەر یاخود خوێنەر لە کاتی شیکردنەوە یان وەرگرتنی هەر زانیاریەکدا، دیدگا و تێگەیشتنە جیاوازەکان لەبەرچاوبگرێت، لەجێی ئەوەی گریمانەی مانایەکی جێگیر و دیاریکراو بکات. هانی تاکەکان دەدات، کە گریمانە و لایەنگیری و چەمکە پێشوەختەکانی خۆیان بخەنە ژێر پرسیارەوە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی وردتر لە لێکدانەوەی بابەتە ئاڵۆزەکاندا پەرەپێبدەن. ئەوە لەکاتێکدا هێما و کۆدەکان، بە سروشتی خۆیان ئاڵۆزییان لەخۆیاندا هەڵگرتوە، یان ئاڵۆزی دروستدەکەن، هەر لەبەرئەوە نابێت کۆد و هێماکان لە کاتی پرۆسەی لێکدانەوەدا فەرامۆشبکرێن، چونکە زۆرجار ئەو کۆد و هێمایانە، لە کاتی لێکدانەوە و پەیوەندیی خوێنەر بە دەقەوە، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریان هەیە. (سەرباز مەجید خۆشناو، ٢٠١٩: ٤٢)

لە ڕوانگەی هێرمینۆتیکی ئۆنتۆلۆجییەوە "تێگەیشتن لە دەقێک، بە تێگەیشتن لە خۆ (self-understanding)، لەساتی لێکدانەوەدا، مەرجدارە"(Hoy, 1982: Viii). دوور لە بێلایەنبوون، خوێنەر هەمیشە لەگەڵ ئەو نەریتەدا کە دەقەکە باسیدەکات، لە پەیوەندیدایە. کاتێک دەگوترێت لێکدانەوەی دەق دوورە لە بێلایەنبوون، واتە پرۆسەی لێکدانەوە بابەتی نیە، بەڵکو لێکدانەوە لەژێر کاریگەریی لایەنگیری بیروباوەڕ و چەمکە پێشوەختەکانی خوێنەرەکەیدایە. ئەم میتۆدە دانبەوەدادەنێت، کە هەموو خوێنەرێک دیدگا و ئەزموون و پاشخانی کلتووریی خۆی دەهێنێتە نێو کردەی لێکدانەوەوە. ئەم هۆکارانە چۆنیەتیی تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەقێک لەقاڵبدەدەن. بۆیە لێکدانەوە تەنیا کردەیەکی بابەتی نیە، بەڵکو هەمیشە لەژێر کاریگەریی ئەو چاویلکە سوبژێکتیڤەدایە، کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە دەقەکەی پێ دەبینێت.

پرۆسەی لێکدانەوە لە هێرمێنۆتیکای ئۆنتۆلۆجیدا (بە تایبەتی بەو شێوەیەی، کە هایدیگەر بەکاریهێناوە) پرۆسەیەکی ئیپستمۆلۆجی نیە، بەڵکو ئۆنتۆلۆجیە. واتە بۆ هایدیگەر"تێگەیشتن تەنیا زانین نیە، بەڵکو ڕێگەی گەیشتنە بە بوون. بەم شێوەیە پرۆسەی تێگەیشتن و لێکدانەوەی هایدیگەر سنووری دەقە کەسیەکان و پێکهاتە مێژووییەکان دەبەزێنێت بۆ ئەوەی بگات بە تێگەیشتن لە بوون." (Weinsheimer, 1991: 7) تێگەیشتن لە بوون ئاماژەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە سروشتی بنەڕەتی بوون. واتە ئەم میتۆدە لەبەر چەمکە ئەبستراکتەکان، چاوپۆشی لە ئەزموونی ژیاوی مرۆڤ نەکردوە. وەکو ئەوەی لەو تێڕوانینەی هایدگەرەوە بەدیدەکرێت، بوون، بوونێکی ئیستاتیک یاخود جێگیر نیە، بەڵکو شتێکە لە بەریەککەوتنی ڕۆژانەمان لەگەڵ جیهاندا خۆی ئاشکرا دەکات. لەڕێگەی پەیوەندیمان لەگەڵ جیهان و لێکدانەوەمان بۆی، بە بوون دەگەین و لێی تێدەگەین.

هایدیگەر هەوڵەکانی بۆ ئەوە بوو، هێرمێنۆتیکای سەدەی بیستەم لە دەروونناسیەوە بگوازێتەوە بۆ ئۆنتۆلۆجیا، چونکە ویستی لەو ڕێگەیەوە پرسی بوون تێبگات و بوون لە جیهاندا لێکبداتەوە، لەبەرئەوەی بە دیدی ئەو"مرۆڤ لە جیهانێکی نامۆدایە، جیهانێک کە پێویستی بە لێکدانەوەیە."(Childs & Fowler, 2006: 104). لەو چوارچێوەیەدا ئەم میتۆدە شتەکان یاخود دەق و هەموو ئەو دیاردانەی، کە دەیەوێت لێکدانەوەیان بۆ بکات، لە مێژووی خۆیان دانابڕێت، تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە دەیەوێت لە گۆڕانی چەمکی ئەو دیاردە و دەقانە بکۆڵێتەوە، واتە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دیاردە و دەقەکان بۆ ئەمڕۆ دەکرێت چ واتایەک بگەیەنن و چ گۆڕانێکیان تێدا بەدیهاتوە، دەداتەوە. (Weinsheimer, 1991: x)

هەر شیکردنەوەیەکی واقیعییانە، کە لەلایەن خوێنەر یاخود توێژەری دەقەوە ئەنجامدەدرێت، دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرێت، کە زمان هەڵگری سیفەتی جووتلایەنەیە، چونکە وەک چۆن زمان ئامرازی گەیاندنە، هەر بەو جۆرە دەکرێت ئامرازی فریودان و سەرلێشێواندنیش بێت. (جۆن ماکواری، ٢٠١٩: ٢٤٦) ئەو تێگەیشتنە بۆ لێکدانەوە، کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر دەق و زمان هەیە. بەو پێیەی لەلای هایدیگەر زمان تەنیا ئامرازێک نیە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە یان بیرۆکەی پێشوەختە، بەڵکو پەیوەندیەکی نزیکی بە شێوازی تێگەیشتن و بەریەککەوتنی ئێمە لەگەڵ جیهاندا هەیە. بۆ هایدیگەر"زمان ماڵی بوونە."(Schalo & Denker, 2010: 42).

ئەگەرچی ئامانجی سەرەکی لە هێرمێنۆتیکای ئۆنتۆلۆجیدا ئاشکراکردنی مانای بوونە، بەڵام بەو واتایە نایات، کە مانای بوون لە ئێستەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ڕوون و بە تەواوی لەبەردەستدایە، بەڵکو ئەم میتۆدە، ئەو سەرنجەی وروژاند، کە مانا شتێکە لە ڕێگەی پرۆسەی لێکدانەوەوە، بە ڕووماندا دەکرێتەوە و سەرهەڵدەدات. لێکدانەوە خوێندنەوەی دەقە لەسەر ئاستێکی قووڵ و واتای ڕووکەش تێدەپەڕێنێت، کارکردنە لەسەر سنووری ئاشکرا و نهێنی، مانای شاراوە و کراوە. لەبەرئەوە کاتێک هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجی دەیەوێت مانای بوون ئاشکرابکات "ئەوا ئەو مانایە بە جۆرێک لە جۆرەکان، پێشتر لەبەردەستماندا هەیە." (Weinsheimer, 1991: 8).

له ڕێگەی پرۆسەی لێکدانەوەوە، لەگەڵ جیهان و زمان یاخود ئەو دیاردانەی کە ڕووبەڕووماندەبنەوە، خەریکی پەیوەندی و دایالۆگین. ئەم بەشداریە بەو شێوە کارایە، یارمەتیماندەدات چینە نوێیەکانی مانا، کە ڕەنگە پێشتر شاراوە یاخود لێڵ بووبێتن، ئاشکرایان بکەین. چونکە دەکرێت تێگەیشتنمان لە بوون، لەسەرەتادا بەهۆی چەمک و گریمانە پێشوەختەکانمانەوە لەقاڵببدرێت. ئەم پێشتێگەیشتنە یاخود گریمانە پێشوەختانە، دەکرێت هەستکردن و تێگەیشتنمان لە مانای ڕاستەقینەی بوون سنووردار بکەن.

ماوەتەوە ئاماژە بەوە بکەین، بە شێوەیەکی گشتیی کۆدی هێرمێنۆتیک دەبێتە بنەمای جیاکردنەوەی ئەرکی لێکدانەوە لەگەڵ ڕەخنەدا. ئەو دوانە لە ڕووی ئەرکەوە جیاوازن. لەکاتێکدا ئێمە ئەرکی تێگەیشتن دەخەینە پاڵ هێرمێنۆتیک، ئەمە بەو واتایە دێت، کە ناتوانین لە شتێک تێبگەین، ئەگەر بێت و ئاماژە بە شتگەلێکی تر نەکەین. (Boeckh, 1998: 133) واتە بۆ لێکدانەوە دەبێت زۆر لەو وشە و دەربڕین و ئاماژانە بەکاربهێنین، کە لە چوارچێوەی دەقێکدا هەن. زۆرجار کردەی لێکدانەوە خوێنەر ناچاردەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە تێگەیشتنێکی ڕازیکەر، پەنا بۆ دەقی تریش بەرێت و لەوێوە پرسی ئاڵۆزی و پرسیارەکانی دەقی بەردەست چارەسەربکات و وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە.

کەواتە دەتوانرێت بوترێت ڕەخنە لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندیی دەق لەگەڵ خۆیدا، هەڵسەنگاندنی دەقە، لە ڕووی باشی و خراپی و پەیوەندیی دەق بە نووسەرەوە، دەرخستنی تەکنیک و هونەر و تایبەتمەندیەکانی دەقە، لە سنووری خۆیدا. تەنانەت لە کاتی بەراوردکردنی دوو دەقیشدا، ڕەخنە جەخت لە تایبەتمەندیەکانی ئەو دوو دەقە بەدیاریکراوی دەکاتەوە. بەڵام هێرمێنۆتیک و پرۆسەی لێکدانەوە، نەهێشتنی سنوورە، بۆ ئەوەی تێگەیشتن بە پرۆسەیەکی ئازادانەدا تێبپەڕێت و پەیوەندیی هەمەلایەن لەگەڵ زۆترین دەقی تری جیاواز لەخۆی ببەستێت، ئەم کارە لە ڕێگەی شیکردنەوەی کۆدە هێرمێنۆتیکیەکانەوە ئەنجامدەدات. تەنانەت لێکدانەوە پرۆسەی تێگەیشتن و هەڵێنجانی مانایە لە چوارچێوەی دەقێکدا، یاخود لە دەقێکەوە. پرۆسەی شیکردنەوەی توخمە جۆراوجۆرەکانی دەقێکی ئەدەبیە، وەکو بابەت و کاراکتەر، هێما و زمان، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە مانای مەبەست یاخود ئاماژەپێکراو، لە خودی دەقەکەدا ئاشکرا بکات. لێرەوە هێرمێنۆتیک لەگەڵ ڕەخنەی ئەدەبیدا یەکدەگرێتەوە، یاخود وەکو میتۆدێکی ڕەخنەیی دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی دەیەوێت لە ڕێگەی لێکدانەوەوە بە قووڵایی دەق بگات و تێڕوانین و تێگەیشتن بۆ خوێنەر دەستەبەربکات.

پرۆسەی لێکدانەوە لە هێرمێنۆتیکای ئۆنتۆلۆجیدا، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی بوونی هەر دەقێک سەر بە هۆشیاری نووسەرەکەیەتی، بەو شێوەیەی ڕۆمان ئینگاردن ( Ingarden, 1998: 194) ئاماژەی پێکردوە:

"هەرچی پێکهاتە و بنەما فیزیکیەکانی {کتێب، دەستنووس و بەڵگەنامەکان، هەندێک جاریش شوێنی فیزیکی نووسینی دەق و ئەو پاشخانە کلتووری و مێژووییەش دەگرێتەوە، کە دەقەکەی

تێدا نووسراوە} دەقیشە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری سیفەتی دووانەیی زمانەوە {لەلایەکەوە مەبەست لە بەکارهێنانی زمانی جیاوازە لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە. لە لایەکی تریشەوە، مەبەست لەو فرەماناییەیە، کە وشە و دەربڕین و زمان بە گشتی لە چوارچێوەی دەقدا لەخۆیان گرتوە}. هەر لەبەرئەوە دەقەکە لە ڕووی نێوخۆیەتیەوە (Intersubjectivity) دووبارە بەرهەمهێنانەوەیە و دەبێتە ئۆبژەیەکی مەبەستداری نێوان سوبژێکتیڤ و پەیوەندی بە کۆمەڵێک خوێنەرەوە هەیە."

بەو شێوەیە بەتەنها ناتوانین پرۆسەی لێکدانەوە وەکو دیاردەیەکی دەروونی تەماشابکەین، بەڵکو هەموو ئەزموونەکانی نووسەر و خوێنەر، بە هۆشیاریدا تێپەڕدەبن.

**٢-لێکدانەوەی کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا**

بە گشتی کەشتیی فریشتەکان وەک بابەتێکی هێمایی (Allegory) ئاماژەیە بۆ گێڕانەوەیەک، کە کاراکتەرێک، ڕووداوێک یان شوێنێک، پەیامێکی گەورەتر یان فراوانتر لەبارەی نیگەرانیی تاک یاخود ڕووداوێک و دیاردەیەک لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەگەیەنێت. بە واتایەکی تر، گێڕانەوەیەکە، کە زۆربەی کاراکتەرەکان و پەرەسەندنەکانی پلۆت، هێما بۆ شتێکی تر دەکەن. هەر لەبەرئەوە ڕۆمانەکە هێمای دیاردەیەکی گەورەترە لە جیهانی واقیعی و کۆمەڵایەتیدا. لەبری ئەوەی بە تەواوی پەیامەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا بوترێن، نووسەر کاراکتەر و ڕووداوەکان بۆ نائاشناکردنی مانایەک یاخود پەیامێک، کە دەیەوێت بیگەیەنێت، بەکاردەهێنێت.

لە ئەرکە بنەڕەتی و گرنگەکانی دەقی ئەدەبی، ئەوەیە گوزارشت لە ئازارەکانی مرۆڤ، بێمانایی، مردن، دادپەری، تاوانباری و ڕزگاری، زۆر بواری تری پەیوەست بە ئەزموونەکانی مرڤەوە، بکات. کەشتیی فریشتەکان، چەندین ژێردەنگی ئۆنتۆلۆجی لەخۆدەگرێت و گەلێک پرسیار لەسەر مرۆڤ وەک بوونێکی مرۆیی دەوروژێنێت. سروشتی مرۆڤ لە ڕۆمانەکەدا بە سەقامگیریی خۆی ناگات و هەمیشە لە هەوڵی کامڵبوونی خۆیدایە، هەربۆیە ئەو گۆڕان و گەشە بەردەوامەی، کە کەسێتیەکانی نێو دەقەکە بەخۆیانەوە دەیبینن، بۆتە هۆی دروستبوونی هەڵوێست و دەرئەنجامی جیاواز، کە دواجار گومان و پرسیاری جیاوازیش لەسەر بونیاد و سروشتی کەسێتیەکان دروستدەبن.

ئەگەرچی نووسەر لە ڕێگەی ئەزموونی ژیاوی خۆیەوە (lived experience) ڕووداوێک یاخود بابەتێک دەگێڕێتەوە، لە هەمانکاتدا ئەو گێڕانەوەیە شتێکی داخراو نیە و خوێنەر بە ئازادی دەتوانێت، بەشداری لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیدا بکات، واتە نووسەر ڕووداوێک دەکات بە دەق و خوێنەر بەشداری لە لێکدانەوە و دەرخستنی ئەو مانا شاراوانەدا دەکات، کە نووسەر بە زۆر ڕێگەی جیاواز لە خوێنەری ئالۆزکردوون یاخود نامەئلووفی کردوون. هەربۆیە بۆ خوێندنەوەی دەقێک هەمیشە زیاتر لە ڕێگەیەک هەیە بۆ ئاشکراکردنی فرەمانایی لە دەقەکەدا. پێویستی بە دووبارە خوێندنەوە هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەرتر تێگەیشتن دروستببێت. ئەوە لە کاتێکدا کەشتیی فریشتەکان بۆ ئەو مەبەستە، گەلێک کۆدی وەکو: گوناهـ و کەرنەڤاڵ،

یاقوبی درۆزن، ماکیاڤیلی، ڕێوی، کونەپەپووii و چەندین کۆدی تری وەرگرتوە، کە هەموویان بەیەکەوە لە بنیاتی مانایەکی قووڵدا بەشدارن، کە جێکەوتەیان لەسەر بوون هەیە و پرسیار لەسەر بوونی مرۆڤ بەجێدەهێڵن.

(ڕێوی) وەکو نموونەی یەکەمین/ئەسیڵ (archetype)، بە شێوەیەکی گشتی لە کلتوور و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییدا دەردەکەوێت. لە دەقی ئەدەبیدا زیاتر بۆ وێناکردنی کەسێتیەک بەکاردێت، کە فێڵبازە و خاوەنی هێزێکی زۆر و سەرنجراکێشە، هەندێک جار پەیوەستە بە گۆڕانکاریەوە لە بیرکردنەوە و بنیادی کەسێتیدا، یاخود بارودۆخ و ژینگەی پاڵەواندا. ئەو تێگەیشتنە گشتیەی خەڵک پێیانوایە ڕێوی ئەو دزە زیرەکەیە، کە کاری خۆی دەکات و ناگیرێت، لە ڕۆمانەکەدا هەیە. بەختیار ئەم تێگەیشتنە گشتیە بۆ کەسێتیی ڕێوی، دەباتەوە سەر هەردوو بەرهەمی "روباە خروس"ی مەزرەبانی و "الثعلب والدیک"ی ئەحمەد شەوقی. (بڕوانە: کەشتیی فریشتەکان، کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٤٨٢).

کۆدی ڕێوی، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە نامەئلووفکردن و شاردنەوەی مەبەست و واتای ڕۆمانەکەدا، بە جۆرێک خوێنەر بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەیەکی ڕازیکەر، ناچارە بکەوێتە نێو بازنەی لێکدانەوە و تێگەیشتنێکی قوڵ بۆ ئەو کۆدە. (ڕێوی) لە ڕێگەی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەوە، واتە (وەفای ڕەفعەت بەگ/لیوا جەنگیز)ەوە، دێتە ناوەوە. چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سروشتی کەسێتیی ئەوەوە هەیە و نووسەر لەو ڕێگەیەوە، سروشتی مرۆڤی ئەو قۆناغە دەخاتە بەر ئاوێنە و ئاشکرای دەکات. لەوبارەیەوە لیوا جەنگیز دەڵێت: "کارمەندەکەم زووزوو دەیگوت: ڕێویەکان، وەفای ڕەفعەت بەگی ناو تەبیعەتن، دۆخی تۆ وەک کابرایەکی پڕ لە ناکۆکی و بێدەنگ و تەنیا، لە دۆخی ڕێویەکان دەچێت لەناو تەبیعەتدا." (کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٤٥٠)

ئەو تێڕوانینەی کارمەندە زیرەکەکە بۆ لیوا، دەرخەری دڵسۆزی و ملکەچی وەفای ڕەفعەت بەگە بۆ ئەوانی تر، هەروەها ئاماژە بە دۆخی پڕ لە ناکۆکی و بێدەنگی لە کەسێتیی لیوادا دەکات. کۆدی ڕێوی لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی خوێنەر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداو و تێما سەرەکیەکانی ڕۆمانەکەدا بەرەوپێشەوە بچێت، چونکە پەیوەندیی ڕێوی بە سروشتەوە هەمان ئەو پەیوەندیەیە، کە لیوا لەگەڵ حیزب و شۆڕش و کارمەندەکانیدا هەیەتی، جەختکردنەوەیە لە پەیوەندیەکی سۆزدارانە لەگەڵ خزمەتکارەکەی (ئەزمێرا) و (ئاسمان)ی کچی، پاشانیش هاوڕێکانی لە (جەمعیەتی ژیانە ونبوەکان)دا.

بە گشتی ڕووداوەکان و پەرەسەندنیان، لیوا لە ناوەوە تووشی گرژی و ناکۆکی دەکەن. پەیوەندیی لیوا بە جەمعیەتی ژیانە ونبوەکان، گرنگیدان و هاوسۆزی بۆ "ئاسمان"، پاراستنی هاوڕێکانی وەک (س.ئەسغەر، بولبولیار). لە پێش ئەوانیشەوە ملکەچبوون بۆ خواست و ئەخلاقیاتی حیزب و شۆڕش، لە ناوەوە لیواجەنگیز ڕووبەڕووی ناکۆکیەکی زۆر دەکەنەوە. لەبەرئەوە ڕێوی ئاماژەیە بۆ ڕەفتاری ئاڵۆز و ململانێ و ڕووبڕکێکانی لیوا جەنگیز بۆ پاراستنی

سەرچاوەکانی مانەوە و یەکلاکردنەوەی ململانێکان لەگەڵ ئەوانی تردا، وەکو ململانێ لەگەڵ (پرۆفیسۆر شالیار و مەلا مونزیر، مەهدی دەریایی...هتد).

کارمەندە زیرەکەکەی لیوا جەنگیز، لە ڕێگەی بەراوردی لیوا و ڕێویەوە، دۆخی مرۆڤی ئەو قۆناغە وا پیشاندەدات، کە هەڵگری سروشتی تەنیایی و بێدەنگین. زۆرێک لە کەسێتیە سەرەکیەکانی ڕۆمانەکە (وەکو: لیوا جەنگیز، هەڤاڵ شێرخان، نزار، لیڤیتانت...هتد) مرۆڤی تەنیان، واتە وەکو ڕێوی ئاژەڵێکی تاکەکەسین، بەشێکی زۆری ژیانیان بە تەنیایی بەسەردەبەن. بەراوردکردنی لیوا بە ڕێوی ئەوە دەردەخات، کە لیوا گۆشەگیرە و هەست بە پچڕانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کەسی و پیشەیی خۆیدا دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤی ئەو قۆناغە بگەشتی و لیوا بە تایبەتی خۆپارێز و خۆگۆڕە، پێی باشە بیرکردنەوە و هەستەکانی ئاشکرا نەکات. هەر لەبەرئەوە مرۆڤی ئەو قۆناغە کار لەسەر جووڵەی نهێنیی خۆی دەکات، وەکو چۆن ڕێوی لە سروشتدا بە نهێنی کارەکانی خۆی ئەنجامدەدات. بەڵام ئەم پچڕان و دابڕانە خواستێکی ڕەها نیە، بەڵکو ڕۆمانەکە گەڕان بەدوای هاوسەنگیدا لە مرۆڤەکاندا پیشاندەدات، ڕێوی ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاڕاستەی گۆڕانی کەسی و بیرکردنەوەی لیوا جەنگیزدا دەبینێت، ئیتر دەبێت بە کۆدێک بۆ نیشاندانی گۆڕان و گەشەی کەسی و دەروونی لە لیوا جەنگیزدا، نزیکی و پەیوەستیی لیوا بە ڕێویەوە، وای لێدەکات کەڵکەڵەی دامەزراندنی (جەمعیەتی ژیانە ونبوەکان)ی لەلای دروست ببێت. (بڕوانە: کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٤٨١). ئامانجی جەمعیەتەکە کارکردن بوو لەسەر ئەو مرۆڤانەی کە حیزب و شۆڕش و سیاسەت نەیهێشتبوو، ئەو ژیانە بژین کە دەبوایە بژیابان.

نووسەر بە هێنانەناوەوەی هەندێک کۆدی تر، دەیەوێت سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕوانینی گشتی بۆ سروشتی مرۆڤ قووڵتر بکاتەوە. لە بنەڕەتیشدا ئەرکی ڕۆمانەکە بە گشتی بنیاتنان و هێنانەئارای تێگەیشتنی هەمەڕەنگە لەسەر دیاردەکان، چونکە ڕۆمانەکە کارکردنە لەسەر قۆناغێک، کە ئیتر مرۆڤ تێیدا تووشی چەقبەستوویی لە ئەخلاق و بیرکردنەوەدا بوە. کاتێک بۆ تێگەشتن لە پەرەسەندنی سروشتی مرۆڤ لە ڕۆمانەکەدا دەڕوانین، ئەوا بە گشتی کۆمەڵێک کۆدی تر (وەک: کەر، مشک، کونەپەپوو) زەقدەبنەوە، کە دوور و نزیک، یارمەتیی خوێنەر دەدەن بۆ ئەوەی باشتر لە سروشتی مرۆڤ و پەیامی شاراوەی دەقەکە بە گشتی تێبگەن، هەمووشیان کەم و زۆر پەیوەندییان بە (ڕێوی)یەوە هەیە. وەک ئەوەی کارمەندە زیرەکەی لیوا جەنگیز (کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٣٩٠) دەڵێت:

"گەر ئینسان بێ هیچ هۆ و بەهانەیەک کونەپەپووی کردبێت بە سەمبوولی خراپە و بەدکاری، ئەوا بەهانەیەکی زۆریشی هەیە سڵ لە ڕێوی بکاتەوە، کە لە فەسیلی خۆیدا بێوێنەیە، هەم فێڵزان و شەوگەڕە و هەم کاریشی ژێرەوانکێ و بە پلانە. بەڵام کارمەندەکەم بۆچوونێکی جیاوازی هەبوو، لە نێوان ئاژەڵاندا ڕێوی بە ئاژەڵێکی میانڕەو دەزانی، حەیوانێک کە وەک ئەو دەیگووت: ئیمان و فەلسەفەی خۆی هەیە، کە حەیواناتی تر نیانە. زوو زووش پێداگری دەکرد و

دەیگووت جەنابی عەقید عەینەن جەنابتان، ڕێویش حەیوانێکە بەردەوام لە نێوان دوو دنیادا دەژی، عەینەن جەنابتان".

ئەو تێڕوانینەی سەرەوە جەخت لە تێگەیشتنێکی جیاوازتر لە تێگەیشتنی گشتی، بۆ جەوهەری ئاژەڵ دەکاتەوە. سەرەڕای بیانوەکانی مرۆڤ و هۆکارە ئەگەریەکانی بۆ ڕقلێبوونەوە لە (ڕێوی)، بەڵام ئەو ئاژەڵە هەڵگری ڕەفتار و تایبەتمەندێتی جیاوازە. بەو شێوەیە پۆلێنبەندی مرۆڤەکان لە ڕووی ئەخلاقیەوە لە ڕۆمانەکەدا جیاوازە، گومان و پرسیار لەسەر چەمک و تێگەیشتنە ئەخلاقیەکان هەیە. نووسەر لە ڕێگەی ئەو کۆدەوە دەیەوێت خوێنەر بە دۆزینەوەی خاڵی هاوسەنگی کەسێتیەکانیەوە سەرقاڵبکات، چونکە کەسێتیەکان لە چوارچێوەی زیاتر لە جیهانێکدا دەژین و توانای جووڵەیان لە چوارچێوەی کۆنتێکست و دیدگا و واقیعە جیاوازەکاندا هەیە. لێرەوە ئەو تێگەیشتنە ئەگەرییانە دەخاتە بەردەمی خوێنەر، کە دەکرێت کەسێتیەکیی دیاریکراو بۆچوونی جیاوازی لەبارەی دیاردە جیاوازەکانەوە هەبێت، دەکرێت خاوەنی سیفەتی جیاوازی تایبەت بەخۆی بێت، کە لە کەسەکانی تر جیای دەکاتەوە.

کارمەندە زیرەکەکەی لیوا لە ڕێگەی کۆدی ڕێویەوە سروشتی لیوا جەنگیز دەردەخات بەوەی، کە خاوەنی دیدگا و جیهانبینیی تایبەت بە خۆیەتی، سەبارەت بە جیهان و بوون سیستەمی بیرکردنەوە و باوەڕی خۆی هەیە. لە ڕێگەی کۆدی ڕێویەوە خوێنەر لەپاڵ واتای ملکەچکردن و بە کۆیلەکردن، ئەو مانایەش بەدەستدەهێنێت، کە لە هەندێک بارودۆخدا مرۆڤ دەتوانێت هەڵگری تێگەیشتنی تایبەت بەخۆی بێت. هەر لەبەرئەوە کەسێتیی لیوا وەکو ڕێوی بەردەوام لە نێوان دوو جیهان یاخود دوو واقیعدا دەمێنێتەوە، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی، کە مرۆڤەکان دەکرێت زیاتر لە ناسنامەیەک و ئەزموونی فرەجۆریان هەبێت، کە واقیعێکی دیاریکراو نایانگرێتەوە. لیوا جەنگیز (کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٤٥١). لەوبارەیەوە دەڵێت:

"لەڕاستیدا من نایشارمەوە، ئەو کاتە بە وردی بیرم لە شوناسی خۆم دەکردەوە، بە هەموو لایەکدا پەلم دەکوتا تا زیاتر خۆم بناسم، نزیکیم لە ڕێوی جۆرێک بوو لە ڕوانینی دەروونیش لە بەشە حەیوانیەکەی ناخم. کە پێویستم پێی بوو تا بەسەر عەقید جەنگیزی حیزبدا سەربکەوم... هەندێک جار دۆزینەوەی نزیکی لە نێوان خۆت و ئاژەڵێکدا، باشترە لە دۆزینەوەی نزیکی لە نێوان خۆت و حیزبێکدا، چونکە ئاژەڵەکانی سروشت بە پرەنسیپتر و ئارامترن لە جانەوەر و حەیوانەکانی ناو حیزب".

ڕێوی لە ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکاندا، هێمایەک یاخود میتافۆرێکە وەک نامۆبوونێکی بوونگەرایی کەسێتی سەرەکی کار دەکات، لە کۆمەڵگە و خێزانەکەی و تەنانەت لە جەستەی خۆیشی دابڕاوە. بەو شێوەیە ڕێویبوون هەستێکی قوڵی دابڕان و دوورکەوتنەوەیە، کە لە (لیوا جەنگیز)دا سەرهەڵدەدات، یاخود دەردەکەوێت. بەو شێوەیە نامۆبوونی لیوا لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەیەکە بۆ دابڕانی پەیوەندی تاک لەگەڵ ئەوانی تر و جیهاندا، چونکە تاک ناتوانێت تێگەیشتن و پەیوەندیەکی مانادار بدۆزێتەوە. لەو ڕێگەیەشەوە (ڕێوی) وەکو کۆدێک، کار لەسەر دەرخستنی

بێمانایی ژیان و بارودۆخی مرۆڤ لە ڕۆمانەکەدا، دەکاتەوە. ئەو گۆڕانە لە سروشتی لیوا جەنگیزدا جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی، کە ژیان مانایەکی سروشتی یاخود عەقڵانی نیە. هەربۆیە لە ڕێگەی کۆدی ڕێویەوە، یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ڕۆمانەکە ئاماژەکردنە بە هەوڵە بێهودەکانی لیوا بۆ بەدیهێنانی مانا. بە گشتی لە ڕۆمانەکەدا ڕێوی، پەیوەندیەکی قووڵی بە بابەتەکانی وەکو (ڕەسەنێتی و ناڕەسەنێتی)، (ئازادی و بەرپرسیارێتی)، (دڵەڕاوکێ و ترس)، (ئازار و نائومێدی)، (هیوا و وازهێنان)، (ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)ەوە هەیە. (بڕوانە: دیلمان قادر أحمد، ٢٠٢٣)

ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا نمایندەی جۆرێک لە مرۆڤ دەکات، کە لەسەر هێڵی مامناوەندی دەمێنێتەوە، بەو واتایەی، بە تەواوی خۆی ڕادەستی ئیرادەی ئەوانی تر ناکات، هەم لە مرۆڤەکانی ترەوە نزیکە و هەمیش لێیان دوورە، بە کەڕامەتەوە دەژی و بەرپرسیارێتیی ئەخلاقی هەڵوێستەکانی خۆی لەئەستۆدەگرێت. خاڵێکی گرنگ لە جەوهەری ڕێوی ئەوەیە، کە خەریکی کێبڕکێی مرۆڤە لەسەر هەمان سەرچاوەی پێویستی، بە تێڕوانینی کارمەندە زیرەکەکەی لیوا هەرئەوە هۆکاری ئەو دژایەتیەی مرۆڤە بەرانبەر بە ڕێوی، وەک ئەوەی دەڵێت: "تەنیا هۆی ڕاستەقینە بۆ ئەم دژایەتیە، پەیوەندی بە مریشکەوە هەیە، ڕێوی تاکە حەیوانە ئاوا وەک مرۆڤ حەزی لەو گۆشتەیە، لەوەدا بۆتە ڕکەبەرێکی گەورە". (کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٣٩١)

هەموو ئەوەی لەسەرەوە وترا، ئامادەکردن و ئاڕاستەکردنی خوێنەرە بەرەو تێگەیشتنێکی تر لە (ڕێوی)، بە شێوەیەک ئیتر ڕێوی بۆ خوێنەر لە کۆدێکەوە کە گوزارشت لە فێڵ و دزی و ترسنۆکی دەکات، دەگۆڕێت، بۆ کۆد و ڕەمزی دەسەڵات و بوێری و توانا، ئیتر ڕێوی ئەو واتا بنجییەی لێدەبێتەوە، کە مرۆڤایەتی خستوویەتیە پاڵی. لەو چوارچێوەیەدا کۆدی ڕێوی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خوێنەر بەرەو ناسین و دەرخستنی مرۆڤەکان لەو قۆناغەدا ئاڕاستە دەکات. ناسینی سروشتی مرۆڤی نێو ڕۆمانەکە، بنەمایەکی گرنگی تێگەیشتنە لە چۆنیەتیی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەخلاقی، چونکە ململانێ و یەکلاییکردنەوەی سەرچاوەکانی دەسەڵات دەبێتە تیمایەکی گرنگی ڕۆمانەکە. ئەم بارودۆخە کە ڕۆمانەکە ئاماژەی پێدەکات، پێویستی بە مرۆڤێکە، کە لە جەوهەردا بچێتەوە سەر ڕێوی، وەک ئەوەی کارمەندە زیرەکەکەی لیوا پێیوایە"... دنیای ئێمە پێویستی بە قارەمانی تەنیایە، بە کەسانێک هونەری ژیان و مانەوە دەزانن بێئەوەی وێرانکاری بخوڵقێنن." (کتێبی سێیەم، ٢٠١٧: ٤٥٠)

بیرۆکەی قارەمانی تەنیا، کە سیمای هەرە دیاری کەسێتی لیوا جەنگیزە، ڕەهەندێکی دیاری ڕۆمانەکەیە. ڕێوی نمایندەی قارەمانی تەنیایە، ئەوانەی کە توانای ژیان و مانەوەیان هەیە، بە بێ ئەوەی وێرانکاری بخوڵقێنن، بەرپرسیارێتی کەسی لە پێشەوەی هەر شتێکەوە دادەنێن. بە هۆشیاریەوە لە نێوان ئەگەرەکاندا هەڵبژاردن دەکەن، ئاگاداری هەڵوێست و کردەوەکانیانن، بە لەبەرچاوکردنی دەرئەنجامە ئەگەریەکانیان، بە شێوەیەک کە هاوسەنگی لێبکەوێتەوە. هەروەها خاڵێکی گرنگ لە سروشتی کەسێتی لیوا جەنگیزدا وەکو قارەمانێکی تەنیا، ئەوەیە کە هاوسۆزی

و بەزەیی دەنوێنێت، بە تێگەیشتن لە پێویستی و ئەزموونەکانی ئەوانی تر، هەڵبژاردنێک دەکات، کە بە باوەڕی خۆی، خزمەت بە ئەوانی تر دەکات، هەڵوێستی لیوا جەنگیز بەرانبەر بە ئاسمان و کوشتنی باهیری و مەهدی دەریایی، لە دیارترین ئەو هەڵوێستانەی لیوا بوون، کە تێیدا ئامانجی خزمەت و هاوسۆزیکردن بوو لەگەڵ ئەوانی تردا. هەروەها ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکان بە ئاسمان. هەموو ئەوانە سەرچاوەی خۆشگوزەرانی بوون بۆ خۆی و ئەوانی تریش. (بڕوانە: دیلمان قادر أحمد: ٢٠٢٣)

کەسێتیی لیوا جەنگیز سەر بە نەریتی ماکیاڤیلییە، نووسەر لەگەڵ ئەوەی ئاماژە بە کتێبی (میر) دەکات (کەشتیی فریشتەکان، کتێبی دوەم، ٢٠١١: ٣٠٨)، هەروەها بنیاتی کەسی لیوا جەنگیز و بیرکردنەوە ئەخلاقیەکانی لیوا، لەسەر بیرکردنەوە ئەخلاقیەکانی ماکیاڤێلی ئاڕاستە دەکات. بە درێژایی پەرەسەندنی ڕووداوەکان، لیوا پەیوەندیەکی هاوسەنگی لەگەڵ سەرکردە و سیاسیەکانی شۆڕش و حیزب هەیە. هەوڵدەدات بە تەواوی ملکەچیان نەبێت، هەموو هەوڵێک دەدات دڵسۆزی ئەوان بۆخۆی دەستەبەر بکات، چونکە هەموو کردەوەیەک ئەنجامدەدات بۆ ئەوەی ئامانجەکانی شۆڕش بەدیبێن و هەست بکەن لە پێناو چاکە و بەرژەوەندیی خۆیان لە لیوا جەنگیزەوە نزیک بن. لەگەڵ ئەوەشدا لیوا لە هەوڵی ئەوەدایە نهێنیی ئەوانی تر بزانێت، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە ئەوانی تر بخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵات و بڕیارەکانی خۆیەوە، هەوڵدەدات دەسەڵاتێکی زۆری هەبێت و ئەوانی تر لێی بترسن. هەربۆیە بەختیار هەمان ڕوانینی ماکیاڤیلی بۆ دەسەڵات (بڕوانە: نیکۆلۆ مەکیاڤیلی، ٢٠١٥: ٧١، ١٣٠-١٣٣)، لە کەسێتیی لیوا جەنگیزدا بەرجەستە دەکات.

جەوهەری ڕێوی، وەک لە بۆچوونەکانی سەرەوەدا وێناکراوە، سەرەتا لەگەڵ چاوەڕوانیەکانی خوێنەردا هاوتەریبە. بەڵام لایەنێکی شاراوەی ئەم وێناکردنە هەیە، کە ئامانجی ئاڕاستەکردنی خوێنەرە بەرەو تێگەیشتنێکی جیاواز لە کۆدی ڕێوی. ڕێوی بە شێوەی باو پەیوەستە بە فێڵ و دزی و ترسنۆکیەوە، بەڵام لەم چوارچێوەیەدا، دەگۆڕێت بۆ هێمای دەسەڵات و بوێری و توانا. ئەم گۆڕانکاریە واتاییە لە ڕۆمانەکەدا بە کۆدی ڕێوی نوێنەرایەتی دەکرێت و بیرکردنەوەی خوێنەر بەرەو تێگەیشتنێکی قووڵتر لە سروشتی مرۆڤ و گەشەکردنی ئەخلاق ئاڕاستە دەکات.

تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە چۆنیەتیی گەشەکردن و پەرەسەندنی بەها ئەخلاقیەکاندا زۆر گرنگە. ڕۆمانەکە جەخت لەسەر گرنگیی ئەم تێگەیشتنە دەکاتەوە، کە دەڵێت جیهان پێویستی بە جۆرە مرۆڤێک هەیە، کە خاوەنی سیفەتەکانی پاڵەوانێکی تەنیا بن. مرۆڤێک، کە لە چوارچێوەی بوونی خۆیدا شارەزای هونەری ژیان و مانەوە بێت، چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆمانەکە جەخت لەسەر پێوەرەکانی (سەرکەوتن و مانەوە) دەکاتەوە، ئیتر دەرئەنجامەکانی هەرچیەک بێت، بۆ بکەری ئەخلاقی (لیوا جەنگیز) وەک پاڵەوان گرنگ نیە، لەبەرئەوەی مرۆڤی بێخەتا نیە. (بڕوانە: دیلمان قادر أحمد، ٢٠٢٣: ٨٨ ، ٢٢٥)

واتە بە گشتی مرۆڤگەلێک لە چوارچێوەی پەرەسەندنی ڕووداوەکاندا ڕۆڵیان هەیە، کە تێگەیشتنی باو بۆ پرسە ئەخلاقیەکان ڕەتدەکەنەوە و تێگەیشتن و هەڵوێستی خۆیان، بەو شێوەیە پەرە پێدەدەن، کە دەرهاویشتەی بارودۆخی جیاوازە. ئەوان بەرپرسیارێتیی کەسی لە پێشینە دادەنێن و بە ئاگاداریەوە هەڵبژاردن دەکەن، تا ئەوەی هاوسەنگی لە نێوان ئەگەرە جیاوازەکاندا دروستبکەن. ئەوان ئاگاداری دەرئەنجامە ئەگەریەکانی کردار و هەڵوێستەکانیانن.

٣- **کەموکوڕیی توێژینەوەکە:** لەبەر سنوردارکردن و دیاریکردنی مەودای توێژینەوەکە، بۆیە نەیتوانیوە لێکدانەوە بۆ کۆدەکانی تری پەیوەست بە ڕۆمانەکە وەکو: (کونەپەپوو، مشک، کەر...هتد) بکات، کە دەکرا باشتر و وردتر وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکەیان بەرجەستە بکردایە. هەروەها لەبەرئەوەی توێژینەوەکە سوودی لە (سیمیۆلۆجیا و هێرمێنۆتیکی ئۆنتۆلۆجی) وەرگرتوە، ڕەنگە ئەوە وایکردبێت، کە لێکدانەوەی کەسی کاریگەریەکی بەرچاوی لە سنوردارکردن و لەقاڵبدانی واتای کۆدی ڕێوی هەبووبێت.

٤- **پێشنیازی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە وەک ژانری سەرەتایی بۆ شیکردنەوەی کۆدی هێرمێنۆتیک، تیشک دەخاتە سەر ڕۆمان. توێژەرانی دواتر دەتوانن مەودای توێژینەوەکە فراوانتر بکەن بۆ ئەوەی ژانرە ئەدەبیەکانی دیکەی وەکو شیعر، دراما، یان کورتەچیرۆک بگرێتەوە. ئەمەش ڕێگە بە گەڕانێکی فراوانتر لە چۆنیەتیی کارکردنی کۆدە هێرمێنۆتیکیەکان لە فۆرم و ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا دەدات. بەو جۆرە دەکرێت تێگەیشتن لە کۆدەکان لە ئەدەبدا دەوڵەمەندتر بێت. هەروەها لە ڕێگەی تێکەڵکردنی هەردوو ڕوانگەی سیمیۆلۆجیای بارت و هێرمێنۆتیکای ئۆنتۆلۆجی هایدیگەر، توێژەران هاندەدات بۆ تێکەڵکردنی ڕوانگە تیۆریەکانی تری وەکو: وەڵامدانەوەی خوێنەر، لێکۆڵینەوەی کلتووری و پاش بونیادگەری، بە مەبەستی بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لەبارەی کۆدی هێرمێنۆتیکەوە.

**ئەنجام:** گرنگترین ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە لەسەر کۆدی هێرمێنۆتیک، بە تایبەتی کۆدی ڕێوی، لە ڕۆمانی "کەشتیی فریشتەکان"ی بەختیار عەلیدا بەم شێوەیەن:

1 - ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا نوێنەرایەتیی کۆدێکی هێرمێنۆتیک دەکات، کە لە دەوری کارەکتەرێکی دیاریکراودا دەسوڕێتەوە. سیفەتەکانی وەک: تەنیایی و دابڕانی کۆمەڵایەتی، هاوسۆزی، خیانەت، فێڵ، بێمتمانەیی، بێمۆڕاڵی، زیرەکی، خۆگونجاندن، توانا و بوێری، دەسەڵاتخوازی بەرجەستەدەکات، لە هەر بەشێکی ڕۆمانەکەدا ڕێوی دەرکەوت یان باسی لێوە کرا، پێویستە خوێنەر گرنگی بە مانای قووڵتری پەیوەست بەوەوە بدات.

2 - نووسەر لە ڕێگەی کۆدی ڕێوییەوە دەیەوێت خوێنەر بە دۆزینەوەی خاڵی هاوسەنگی کەسێتیەکانیەوە سەرقاڵ بکات، چونکە کەسێتیەکان لە چوارچێوەی زیاتر

لە جیهانێکدا دەژین. لەبەرئەوە دەکرێت مرۆڤێک بە پێی گۆڕانی کۆنتێکستەوە ئەویش گۆڕانی بەسەردا بێت، و لەبارەی دیاردەکانەوە هەڵگری دنیابینیی جیاوازتر بێت.

3- ڕێوی لە ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکاندا، کۆدێکە وەکو نامۆبوونێکی بوونگەرایی پاڵەوانی سەرەکی کار دەکات. بەو شێوەیە ڕێوییوون هەستێکی قووڵی دابڕان و دوورکەوتنەوەیە، کە لە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا دروستدەبێت.

4- بەپێی ئەو زەمینە کلتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتیەی، کە ڕۆمانەکە تێیدا هەڵکەوتوە، لێکدانەوە و بوونی کۆدی ڕێوی ڕەنگە جیاواز بێت. ڕەنگە لەژێر کاریگەریی ئەو دۆخە سیاسیە و ژینگەی شەڕەدا بێت، کە لە ڕۆمانەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

5- فرەمانایی کۆدی ڕێوی لە ڕۆمانەکەدا، ئەزموونی خوێندنەوە دەوڵەمەندتر دەکات. هانی خوێنەر بۆ بیرکردنەوە لە تەوەرە کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، ئاینی و سیاسیەکان لەناو ڕۆمانەکەدا، دەدات.

6- کۆدە هێرمێنۆتیکیەکان لە ڕۆمانەکەدا، جەخت لەسەر ڕۆڵی چالاکانەی خوێنەر لە پرۆسەی لێکدانەوەدا دەکەنەوە. بەشدارن لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ئاڵۆزیەکانی ڕۆمانەکە و چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دابیندەکەن.

## سەرچاوە کوردیەکان:

- **کتێب:**


١. خۆشناو، سەرباز مەجید (٢٠١٩) سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا. چاپە یەکەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر.

٢. عەلی، بەختیار (٢٠١١) *کەشتیی فریشتەکان (کتێبی دوەم-ڕۆمان)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ.

٣. عەلی، بەختیار (٢٠١٧) *کەشتیی فریشتەکان (کتێبی سێیەم-ڕۆمان)*. چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە.

٤. فضل، سەلاح (٢٠١٦) *میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ*. وەرگێڕانی: د.سەردار ئەحمەد گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

٥. قطوس، بەسام (٢٠١١) *دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ*. وەرگێڕانی: د. محەمەد تاتانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.

٦. ماکواری، جۆن (٢٠١٩) فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت). وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی. چاپی سێیەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس.

٧. مەکیاڤیلی، نیکۆلۆ (٢٠١٥) میر. وەرگێڕانی: بەختیار ئەحمەد ساڵح، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.

٨. ئیگڵتن، تێری (٢٠١٦) *تیۆری ئەدەبی*. وەرگێڕانی: عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.


- **نامەی ئەکادیمی:**


٩. أحمد، دیلمان قادر (٢٠٢٣) چەمکی خراپە لەڕۆمانەکانی -بەختیار عەلی-دا: *لێکۆڵینەوەیەکی دەروونشیکاریی فەلسەفی*. تێزی دوکتۆرا، زانکۆی گەرمیان.


## سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

- **کتێب:**


10. Barthes, Roland (1990) *S/Z*. trans: Richard Miller, United Kingdom, Blackwell.

11. Barthes, Roland (2017) *An Analysis of Roland Barthes's Mythologies.* trans: John Gomez, London, Macat Library.
12. Borckh, Philip August (1998) Formal Theory of Philology. Mueller-Vollmer, Kurt (Edited). *The Hermeneutic Reader: Texts of the German Tradition from the Enlightenment to the Present.* New York, The Continuum Internataional Publishing Group, 132-134.
13. Childs, Peter; Fowler, Roger (2006) The Routledge dictionary of literary terms. London and New York, Routledge Taylor & Francis Group.
14. Hoy, David Couzens (1982) *The Critical Circle: Literature, History and Philosophical Hermeneutics.* Berkeley, Los Angeles, London, University of California Press.
15. Ingarden, Roman (1998) On the Cognition of the Literary Work of Art. Mueller-Vollmer, Kurt (Edited). *The Hermeneutic Reader: Texts of the German Tradition from the Enlightenment to the Present.* New York, The Continuum Internataional Publishing Group, 187-213.
16. Schalo, Frank; Deknar, Alfred (2010) *Historical Dictionary of Heidegger's Philsophy.* Second Edition, Inc, Lanham. Toronto. Plymouth,UK. The Scarecrow Press.
17. Weinsheimer, Joel (1991) *Philosophical hermeneutics and literary theory.* New Haven & London, Yale UnivErsity Press.

- گۆڤار

18. Ali, Kashif; Iqbal, Fizzah and Ajmal, Ajmal (2022) Application of Roland Barthes' Narrative Codes to Leigh Bardugo's Shadow and Bone, *VFAST Transactions on Education and Social Sciences*, *10*(4), 09–18. https://doi.org/10.21015/vtess.v10i4.1217.

19. Klahoro, Abdul Basit ; Sangi, Muhammad Khan (2023) Coelho's Stories for Parents, Children and Grandchildren, Volume 1: Structuralism Analysis by Applying Barthes' Hermeneutic Code. *Al-Nasr*, Volume 2, Issue 3. 23-38. https://doi.org/10.53762/alnasr.02.03.e03.
20. Kleymann, Rabea; Stange Jan-Erik (2021) Towards Hermeneutic Visualization in Digital Literary Studies. *DHQ: Digital Humanities Quarterly*, Vol 15, Issue 2. 1-22, pN.PAG. https://dhq-static.digitalhumanities.org/pdf/000547.pdf.
21. Pirnajmuddin and Arani (2013) The Play of Codes and Systems in Pygmalion: Bernard Shaw and Roland Barthes. *3L: Southeast Asian Journal of English Language Studies*, vol. 19, no. 3. 35-46. http://journalarticle.ukm.my/6582/1/2385-9491-2-PB.pdf.

---

[i] - دیارترین مانا و مەبەستەکانی ئەو بەرهەمانەی تر، کە لە ڕۆمانەکەدا، ئاماژەیان پێکراوە، بریتین لە کتێبی (میر) ی ماکیاڤیلی و کتێبی (بنەما سەرەکیەکانی فەلسەفەی یاسا- Grundlinien der Philosophie des Rechts. )ی هیگڵ. لە کتێبی یەکەمیاندا ماکیاڤیلی ئامۆژگاری پێشکەش بە دەسەڵاتدران دەکات لە چۆنیەتی مانەوە و پاراستنی دەسەڵاتیاندا. لە کتێبی دوەمدا هیگڵ باس لە فەلسەفەی سیاسەت و چەمکی دەوڵەت دەکات.

[ii] - کۆدی کونەپەپوو، ئاماژەیە بۆ بارودۆخێکی ناهەمواری فیکری و ئەخلاقی، دەرکەوتنی کونەپەپوو لە ڕۆمانەکەدا جەختکردنەوەیە لەو تێگەیشتنە هیگڵییەی، کە بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی قۆناغێکی ناهەمواری مێژوویی خستوویەتییە ڕوو.

**ملخص**: هذه الورقة هي محاولة لتفسير معنى "الثعلب" باعتباره شفرة تأويلية في رواية سفينة الملائكة لباختيار علي. يجمع هذا البحث بين علم الإشارات السردية عند رولان بارت والتأويلات الأنطولوجية عند هايدغر لتحليل معنى الرمز وعلاقته بالقصد المؤلفي وعلم الإشارات والتأويلات الأنطولوجية. تتضمن الدراسة تساؤلات حول طبيعة الشيفرة التأويلية وشفرة الثعلب في الرواية، وكذلك مدى عالميتها أو اعتمادها على السياق وآثارها على تجربة القراءة. ويؤكد على أهمية التأمل الشخصي والتفاعل بين القارئ والنص في التفسير. يساهم البحث في النقد الأدبي الكردي ويسلط الضوء على دور الرموز التأويلية في الكشف عن المعاني والأبعاد الأساسية والتي يتم توجيهها من خلال شفرة الثعلب.

**الكلمات المفتاحية**: الشفرة التأويلية، السيميائية، التأويليات الأنطولوجية، الثعلب.